# ڕۆژژمێری چەند ڕووداوێکی کوردستان

**عەبدوڵڵا سەمەدی**
s.abdullahsamadi@gmail.com

زۆر جار لە نووسینێکدا نیازمان بە مێژووی ڕووداوێك دەبێ. چونکە سەرچاوەی پێویست لە ئەرشیڤی کوردیدا زۆر کەمە و بەداخەوە بارودۆخی نالەباری نەتەوەکەمان قەت ئەو دەرفەتەی نەداوە بە دەستەوە کە دانیشین و بە وردی خەریکی کاری ئەرشیف و فەرهەنگی زانیاری و (قاموس الاعلام) بین، بۆ پەیدا کردنی ژمارەیەك یا دۆزینەوەی ڕۆژ و مانگ و ساڵێك، جاری وا بووە کە چەندین سەعاتمان کات بە فیڕۆ داوە، سەرەڕای ئەوەش چونکە زانیارییەکەمان لە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو وەرنەگرتووە، وا هەبووە کە ئەو زانیارییە بچووکەش بە هەڵە دەرچووە. تا ڕادەی ئاگاداریی خۆم لە کتێبخانەی زمانی فارسی، سەدان سەرچاوەی گەورەی (فرهنگ اعلام) هەیە کە هەر یەك بۆ بابەتێك تەرخان کراون و نووسەر و خوێنەری فارس لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دەتوانن دەستیان بە زانیارییە پێویستەکانیان ڕابگا. (اعلام جغرافیایی) دوورترین و بچووکترین شوێنەکانی ئێستا و ڕابردووی جیهانیان تۆمار کردووە و ساڵانەش زانیاریی تازەیان لەسەر زیاد دەکرێ. (اعلام تاریخی) زانیارییە مێژوویییەکانی تۆمار کردووە. و هەر بەو جۆرە (اعلام سینمایی) وردترین زانیارییەکانی سینەمایی بە دەستەوە دەدا و لە ماوەیەکی کورتدا دەکرێ ناوی فیلمەکان، دەورگێڕان و دەرهێنەرانی ئێرانی و جیهانی بدۆزییەوە. خوێنەری کورد ئەگەر دیوانی شاعیرێکی کورد بە دەستەوە بگرێ و تووشی ناوی کەسێك یا شوێنێکی نائاشنا بێ، ئیدی ئاسمان دوور و زەوی سەخت، یا هەر هیچی لەو بارەوە وەرگیر ناکەوێ، یا ئەوەندە زانیاریی خوار و خێچ و دژ بە یەك لێر و لەوێ دەبیسێ کە بە جارێك سەری لێدەشێوێ. ئەم کارە بچووکەی بەردەست، کارێکی بەرچاو و ئەوتۆ نییە، بەڵام ڕەنگە جارێك بتوانێ گرێیەك بۆ کەسێك بکاتەوە. دەشکرێ لەسەری زیاد بکرێ. لانی کەم دەتوانین ڕووداوەکانی لەمەودوای ڕۆژانە، کە خۆمان شاهیدیان دەبین، لە گۆشەیەکی لیستەکە تۆمار بکەین و بۆ نیازی کەسیی خۆمان کەڵکی لێوەربگرین.

## ئەنفال:

## [١٩٨٨/٢/٢٣زایینی] ـ [١٣٦٦/١٢/٤هەتاوی]

**ئەنفالی(١):** ١٩٨٨/٢/٢٣ تا١٩٨٨/٣/١٩ ـ ١٣٦٦/١٢/٤ تا ١٣٦٦/١٢/٢٩
**ئەنفالی(٢):** ١٩٨٨/٣/٢٢ تا١٩٨٨/٤/١ ـ ١٣٦٧/١/٢ تا ١٣٦٧/١/١٢
**ئەنفالی(٣):** ١٩٨٨/٤/٧ تا١٩٨٨/٤/٢٠ ـ ١٣٦٧/١/١٨ تا ١٣٦٧/١/٣١
**ئەنفالی (٤):** ١٩٨٨/٥/٣ تا١٩٨٨/٥/٨ ـ ١٣٦٧/٢/١٣ تا ١٣٦٧/٢/١٨
**ئەنفالی(٥)؛(٦)؛(٧):** ١٩٨٨/٥/١٥ تا١٩٨٨/٨/٢٦ـ ١٣٦٧/٢/٢٥ تا ١٣٦٧/٦/٤
**ئەنفالی(٨):** ١٩٨٨/٨/٢٥ تا ١٩٨٨/٩/٦ ـ ١٣٦٧/٦/٣ تا ١٣٦٧/٦/١٥

سەرجەم ١٨٢٠٠٠ کەس لە لایەن بەعسەوە بێسەرو شوێن چوون. (الانفال) ناوی هەشتەمین سوورەی قورئانە، و لە قورئاندا بەم مانایە هاتووە: " غەنیمەتێك کە بەبێ شەڕ بکەوێتە دەستی مسوڵمانان، هەروەها زەوی بەرەڵڵا و بێ خاوەن، کانزا، کێو، بەستێنی چۆمەکان، میراتێك کە بە بێ میراتگر مابێتەوە، پارچە زەوییەکی بە ئەمانەت درابێتە دەستی کەسێك تا پێی بژی، و ماڵ و دارایییەك کە بە بێ هەوڵ و زەحمەت وەدەست هاتبێ." بریتییە لە ئەو زنجیرە هێرش و پەلامارانەی کە سپای بەعسی عێراق بۆ سەر کوردستان ئەنجامی دا، و لە ڕۆژی سێ شەممۆ، ٤ ی ڕەشەمەی ١٣٦٦ دەستی پێکرد و هەشت قۆناغی خایاند و لە ڕۆژی سێ شەممۆ، ١٥ ی خەرمانانی ١٣٦٧ کۆتایی پێهات.

## ئیمزاکردنی یاسای نوێی بەڕێوەبردنی عێڕاق:

## [٢٠٠٤/٣/٨ز]ـ[١٣٨٢/١٢/١٨ه]

ئیمزا کردنی ئەو یاسایە قەرار بوو لە ٢٠٠٤/٣/٥ بەڕێوەبچێ کە بە هۆی دژایەتی کردنی ٥ کەس لە شیعەکانی ئەندامی مەجلیسی حوکم، تا سێ ڕۆژ وەدوا خرا. بەڵام لە ئاکامدا لە لایەن ٢٥کەس لە ئەندامانی (ئەنجومەنی حوکم) کە بە ماوەیەکی کورت دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەددام، دامەزرا و لە ژێر چاوەدێریی ئەمریکا و ئینگلیس دەستی بە کار کرد، ئیمزا کرا.

## بوردومانی شیمیایی کوردستان:

[١٩٨٨/٣/٢٤ز]-[١٣٧٧/١/٤هـ]

قەرەداغ و دێوانە لە باشووری کوردستان، لە لایەن بەعسەوە.

## بوردومانی شیمیایی کوردستان:

[١٩٨٧/٤/١٥ز]- [١٣٦٦/١/٢٦هـ]

شێخ وەسانان لە باشووری کوردستان، لە لایەن بەعسەوە.

## بوردومانی شیمیایی کوردستان:

[١٩٨٦/٤/١٦ز]-[١٣٦٥/١/٢٧هـ]

شێخ وەسانان ، بالیسان لە باشووری کوردستان، لە لایەن بەعسەوە.

## بوردومانی شیمیایی کوردستان:

[١٩٨٧/٤/١٧ز]-[١٣٦٦/١/٢٨هـ]

کانیماسی لە لایەن بەعسەوە، ٢٤٠٠ کەس کوژرا.

## بوردومانی هەڵەبجە (نەک شیمیایی):

[١٩٧٤/٤/٢٤ز]-[١٣٥٣/٢/٤هـ]

## بوردومانی گاپیس ، قەرەقشلاق ، قجیئاوا:

[١٩٨٧/٢/١ز]-[١٣٦٥/١١/١٢هـ]

گوندەکانی شارویرانی مەهاباد، لە لایەن بەعسەوە.

## بوردومانی شاری مەهاباد:

[١٩٨٤/٢/٢٤ز]-[١٣٦٢/١٢/٥هـ]

لە لایەن بەعسەوە، کاتژمێر ٤,٤٠ی ئێوارەی هەینی، (٣٥) کوژراو و (١٠٠) بریندار.

## بوردومانی شاری مەهاباد:

[١٩٨٧/٢/١٢ز]-[١٣٦٥/١١/٢٣هـ]

لە لایەن بەعسەوە. کاتزمێر ١١/٣٥ی پێشنیوەڕۆ. ناوەندی کارەساتەکە «مەیدامی حەیوانان» بوو.

## بوردومانی بانە:

[١٩٨٤/٢/٢٥ز] - [١٣٦٢/١٢/٦هـ]

لە لایەن بەعسەوە.

## بوردومانی شیمیایی هەڵەبجە:

[١٩٨٨/٣/١٦ز]-[١٣٧٦/١٢/٢٥هـ]

لە لایەن بەعسەوە، دە هەزار شەهید و بریندارو بڵاوبوونەوەی دەیان چەشنە نەخۆشی پڕ مەترسی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە کوردستاندا.

## بوردومانی شیمیایی ٤ گوندی باشووری کوردستان:

[١٩٨٨/٢/٢٥ز]-[١٣٦٦/١٢/٦هـ]

لە لایەن بەعسەوە.

## بوردومانی شیمیایی سەردەشت:

[١٩٨٧/٦/٢٨ز]-[١٣٦٦/٤/٧هـ]

ڕۆژی یەکشەممۆ، کاتژمێر ۴.۱۱ی ئێوارە، ۴ فرۆکەی بەعس، ۶ بۆمبی گازیی (خەردەل) و (سیانوور)یان بەسەر سەردەشتدا باراند و لەجەنگەی کارەساتەکەدا ۱۰۹ کەس گیانیان لە دەست دا، تا سێ ڕۆژی دوایە ژمارەی کوژراوەکان گەیشتە ۱۱۴ کەس. پتر لە ۸۰۰۰ کەسیش بریندار بوون کە لەو وەختەوە تا ئێستا بەلێکدانەوەی ڕادەیەکی ناوەندی، لە مانگدا یەك کەس دەمرێ. گرینگ ئەوەیە کە تا ئێستا ئاماری کوژراو و بریندار بە چەشنێکی ڕەسمی ڕانەگەیەندراوە.

## بەردەباران کردنی دۆعا:

[٢٠٠٧/٤/٧ز]-[١٣٨۶/١/١٨هـ]

لە شارۆچکەی «بەعشیقە» کە کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ، کچە کوردێکی ئێزیدی تەمەن ١٧ ساڵان بە ناوی «دۆعا» بە تاوانی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکی لاوی عەرەب، لە لایەن پیاوان و گەنجانی ئێزیدی بە بەرد و بلووکی سمیت بەردەباران کرا و بەر لەوەی گیانی دەرچێ، بە شەق و پێلاقە کوژرا.

## بەعس، ١٠٠هەزار دیناری خەڵات بۆ سەری مەلا مستەفای بارزانی تەرخان کرد:

[١٩٦٣/٦/١ز]-[١٣۴٢/٣/١٠هـ]

## بەستنی کۆنگرە چوارەمی «حدکا» لە مەهاباد:

[١٩٨٠/١/٢٣ز] - [١٣٥٨/١١/٣هـ]

بە بەشدار بوونی ٣١٠ کەس نوێنەر.

## بێ سەروشوێن کردنی قادر کابان:
[١٩٨١/٢/٢٨]ـ[١٣٥٩/١٢/٩هـ]

لە لایەن بەعسەوە، هونەرمەند و گۆرانیبێژی ناوداری کورد، لەدایکبووی ١٩٣٧.

## پەیامی خومەینی بۆ خەڵکی کوردستان و دوایی هاتنی شەڕی سێمانگە:
[١٩٧٩/١٠/١٧ز]ـ[١٣٥٨/٨/٢٦هـ]

## پەیمانی سێڤر: Sevres
[١٩٢٠/٨/١٠ز]ـ[١٢٩٩/٥/١٨هـ]

پەیمانێك بوو لە نێوان (متفقین) و تورکیە، کە لە خاڵەکانی ٦٢ و ٦٤یدا بەڵێنی دابوو لە باکووری کوردستاندا ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیی پێکبێنێ و ساڵێك پاشان، بە مەرجێك لێهاتوویی خۆی لەو ماوەیەدا نیشان دابێ، دەیتوانی ڕای گشتیی دانیشتوانی کوردستان وەربگرێ بۆ پێك هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ. ئەو پەیمانە مافی ئەوەشی بە کوردەکانی باشوور دابوو کە لە داهاتوودا بتوانن تێکەڵ بەو دەوڵەتە کوردییە بنەوە.

## پەیمانی لۆزان: Lausanne
[١٩٢٣/٧/٢٤ز]ـ[١٣٠٢/٥/٢هـ]

لۆزان، ناوی شارێکی بچووکی وڵاتی سویسە. پەیمانی لۆزان لە نێوان (متفقین) و تورکیە، لەم شارەدا بەسترا. لەو پەیمانەدا بەڵێنییەکانی پەیمانی سێڤر بە جارێك وەپشتگوێ خران و لە بنیادنانی دەوڵەتی نوێی تورکیەدا کورد و مافەکانی بە تەواوی لە بیر کران.

## تەرمی سەرۆك بارزانی و ئیدریس گوێزرانەوە بۆ باشوور:
[١٩٩٣/١٠/٦ز]ـ[١٣٧٢/٧/١٤هـ]

## تیرۆری هەمزاغای مەنگوڕ:
[١٨٨١/٧/٢٩ز]ـ[١٢٦٠/٥/٧هـ]

سەرۆکی ئێلی مەنگوڕ و سپەهسالاری شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی. لە شاری مەهاباد بە پیلانی حەسەنعەلیخانی گەڕووسی حاکمی سابڵاغ، کە ئەویش کوردێکی عەشیرەتی (گەڕووس)ی (بیجاڕ) و لە ئێلی (کەبوودوەند) بوو، بە سوێندی درۆ بەردەست کرا و کوژرا.

## تیرۆری شێخ محەمەد مەعشووق خەزنەوی:
[٢٠٠٥/٦/١ز]ـ[١٣٨٤/٣/١١هـ]

کوردپەروەر و لێکۆڵەری کورد لە بواری ئیسلامیدا، خەڵکی کوردستانی سوریا، بە شوێن هەڵوێستە نەتەوەیییەکانیدا، و بە تایبەت دوای ئەو قسانەی کە لە کۆبوونەوەی نەورۆزی ٢٠٠٥ کە لە کۆبوونەوەی گەورەی کوردەکانی سوریا کردی، لە ٢٠٠٥/٥/١٠ بەرامبەری ١٣٨٤/٢/٢٠، لە دیمەشقی پێتەختی سوریە ڕفێنرا و پاشی ٢٢ ڕۆژ تەرمەکەیان دایەوە بە کەسوکاری.

## تیرۆری مەلا کەریم شاریکەندی:
[١٩٨٢/٣/٢٢ز]ـ[١٣٦١/١/٢هـ]

لەدایکبووی ١٩٢٦ لە گوندی «سێوەدین»ی بۆکان.

## تیرۆری کەماڵ جونبولات:
[١٩٧٧/٣/١٦ز]ـ[١٣٥٥/١٢/٢٥هـ]

سەرکردەی عەشیرەتی کوردی دەرۆزی لە لوبنان.

## تیرۆری مووسا ئەنتەر لە تورکیا:
[١٩٩٢/٩/٢١ز]ـ[١٣٧١/٦/٣٠هـ]

ڕۆژنامەنووسی کورد و خاوەنی فەرهەنگی (کوردی – ترکی) کە ساڵی ١٩٦٧ لە ئەستەنبوڵ چاپ و بڵاو کرایەوە.

## تیرۆری سمایل ئاغای سمکۆ:
[١٩٣٠/٧/١٨ز]ـ[١٣٠٩/٤/٢٧هـ]

سمایلئاغای سمکۆ، کوڕی محەمەد ئاغا و نەوەی عەلی خان، سەرکردەی کورد و ڕێبەری عەشیرەتی شکاك، لە ئاخری دەسەڵاتی قاجارەکاندا سەری هەڵدا. لە ماوەیەکی کەمدا توانی بەشێکی بەرچاوی ئازەربایجان تا سنوورەکانی تورکیە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی. لە ژوئیەی ١٩٢٢ ڕۆژنامەیەکی بە ناوی (کورد) لە شاری ورمێ دەرکرد کە حەوتووی جارێك لە چوار پەڕا دەردەچوو. دەوڵەتی ئێران لە دوای شکستە یەك لە دوای یەکەکانی لە بەرامبەر سمکۆدا، کەوتە بیری تیرۆر. ئینگلیس بە تەواوی پشتیوانی لە ڕەزاشا دەکرد و دژی سمکۆ بوو. جاری هەوەڵ بۆمبێکیان بە دیاری بۆ نارد کە کاریگەر نەبوو، بەڵام جاری دووەم لە شنۆ بە پیلانی ڕەزا شای پەهلەوی و ئەنجامدانی سەرتیپ زەفەروددەولە و سەرهەنگ سادقخانی نەورۆزی تیرۆر

کرا. (فرمانده لشکر شمالغرب) له هه‌مان ڕۆژدا ڕاپۆرتێکی ڕەسمی بڵاو کردەوە بە (ژمارە ٢٤١١) و تاریخ (١٣٠٩/٤/٢٧) و ڕایگەیاند کە سمکۆ لە لایەن نیزامییەکانی پادگانی شنۆوە کوژراوە.

## تیرۆری مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی:

[٢٠٠١/٣/٢٦ز]_[١٣٨٠/١/۶ه]

نووسەر، وەرگێڕ و توێژەری کورد لە باشووری کوردستان. مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، کوڕی مەلا ئەحمەدی فورقانی، ساڵی ١٩١٢ یا ١٩١٣ لە گوندی (فورقان)ی ناوچەی (قەرەحەسەن)ی کەرکوک لەدایك بووە. لە لای باوکی و هەندێ کەسی تر دەستی بە خوێندن کرد و هەر لە لای باوکی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرت. مەلا جەمیل شارەزای زمان و ئەدەبی کوردی، فارسی، عەرەبی و ترکی بووە و مێژووی کورد و دراوسێکانی بە باشی دەزانی. سەرەتای نووسینی لە ١٩٣٥ بوو کە لە گۆڤاری (ڕووناکی) هەولێردا شتی دەنووسی. دەستپێکردنی نووسینی بە شێعر و ئەدەب بوو، بەڵام لە ١٩٤٢ تا ۴۴ کە لە بەندیخانەی (عمارە) بوو، بە هۆی مێژوونووسێکی عەرەب بە ناوی (عبدالرزاق حسنی) بیری گۆڕا و هەر لە بەندیخانەدا بە ناوی (جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی) دەستی کردە وەرگێڕانی شەرەفنامەی ئەمیر شەرەفخانی بدلیسی، لە فارسییەوە بۆ عەرەبی. بەرهەمەکانی جگە لە ژمارەیەکی زۆر وتار، ٣٠ کتێبی چاپکراوە. لە ١٩۶٣ تا ٧٩ بە هۆی سیاسی ڕووی کردە ئێران و بە پەنابەری ژیا. لە ١٩٧٩ کە گەڕایەوە عێراق، بووبە ئەندامی کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا. ئیدی تا ٢۶ لەسەر ٢٧ی مارسی ٢٠٠١ کە بە دەستی ئەمنی بەعسی تیرۆر کرا، هەر لە بەغدا مایەوە. لە دوای ڕاپەڕینی کوردستان لە ١٩٩١، بە ناوی خوازراوی ( مورخ کوردی ) وتاری دەنووسی و لە پەخشە کوردییەکانی کوردستاندا بڵاوی دەکردەوە.

## جەژنی لالەش:

[٦/١٠/هەموو ساڵێ زایینی]_[١٤/٧/ هەموو ساڵێ هەتاوی]

جێژنی گەورەی ئێزید یان

## جیابوونەوەی لایەنگرانی کۆنگرەی چوارەم لە «حدکا»

[١٥/٦/١٩٨٠ز]_[١٣٥٩/٣/٢٥ه]

## چاوپێکەوتنی سەیدعەبدولقادری شەمزینی لەگەڵ نوێنەری بەریتانیا، لە سەر مەسەلەی کورد:

[١٩٢٠/٢/٢١ز]_[١٢٩٨/١٢/٢ه]

## حکوومەتی نیزامی لە یازدە پارێزگای کوردنشینی تورکیا:

[١٩٩١/١١/١ز]_[١٣٧٠/٨/١٠ه]

## حیزبی توودەی ئێران لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بە غەیری قانوونی ڕاگەیەندرا:

[١٩٨٣/٥/۴ز]_[١٣۶٢/٢/١۴ه]

## خۆتەقاندنەوە لە هەولێر:

[٢٠٠٥/٥/۴ز]_[١٣٨۴/٢/١۴ه]

سەعات ٩/٥ی بەیانی، لە شوێنێکی قەرەباڵغ، ۶٠ کوژراو و پتر لە ٨٠ برینداری لێکەوتەوە.

## دامەزرانی ڕادیۆ کوردی ئەمریکا:

[١٩٩٢/٤/٦ز]_[١٣٧١/١/١٧ه]

## دامەزرانی مێد تی.ڤی:

[١٩٩٥/٣/٣١ز]_[١٣٧٤/١/١١ه]

یەکەم کاناڵی سەتەلایتی کوردی

## دامەزرانی knk:

[١٩٩٩/٥/٢٤ز]_[١٣٧٨/٣/٣ه]

کۆنگرەی نەتەوەیی کورد

## دامەزرانی مێزۆپۆتامیا تی.ڤی:

[٢٠٠٠/٦/١٨ز]_[١٣٧٩/٣/٢٨ه]

ME TV.

## دامەزرانی کۆمەڵەی ژ.ك:

[١٩٤٢/٨/١٦ز]_[١٣٢١/٥/٢٥ه]

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ، لە شاری مەهاباد.

## دامەزرانی ئەرتەشی عێراق بە سیاسەتی بەریتانیا:

[١٩٢٠/١/٦ز]_[١٢٩٨/١٠/١۴ه]

**دامەزرانی یەکەم زانکۆی کوردستان:**
**[۲۳/۱۰/۱۹۶۸ز]-[۱/۸/۱۳٤۷ه]**
زانکۆی سلێمانی

**دامەزرانی ئەنستیتۆی کورد لە تاران:**
**[۱/۲/۲۰۰۱ز]-[۱۲/۱۱/۱۳۷۹ه]**

**دامەزرانی میدیا تی.ڤ :**
**[۳۱/۷/۱۹۹۹ ز]-[۹/٥/۱۳۷۸ ه]**

**دامەزرانی ڕۆژ تی.ڤی:**
**[۱/۳/۲۰۰۴ز]-[۱۱/۱۲/۱۳۸۲ه]**
ماوەیەکی پازدە ڕۆژە test بوو، لە ئێوارەی ڕۆژی دووشەممۆ، کاتژمێر ۲۲ بەکاتی ئێران، بە ئاهەنگێکی تایبەتی، بەرنامەکانی خۆی دەستپێکرد. ( مەنووچێهر تەحسیلی زنووزی ) بەرپرسی گشتیی تەلەیزیۆنی mezopotamya پەیامێکی بە زمانی ئینگلیسی خوێندەوە و پاشان ( ڕۆناهی زانا ) وتارێکی پێشکەش کرد و ئەمجار ئاهەنگەکە هەتا کاتژمێر ۱۲.٥بە بەشداریی کەسایەتییەکانی سیاسی و هونەریی کورد درێژەی هەبوو.

**دامەزرانی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا:**
**[۲۹/۸/۱۹۷۰ز]-[۷/٦/۱۳٤۹ه]**

**دامەزرانی ڕادیۆ کوردی قاهیرە:**
**[۱/٦/۱۹٥۸ز]-[۱۰/۳/۱۳۳۷ه]**

**دامەزرانی pkdw:**
**[۲۱/٤/۱۹۹٥ز]-[۱/۲/۱۳۷٤ه]**
پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

**دامەزرانی کۆماری کورد لە مەهاباد:**
**[۲۲/۱/۱۹٤٦ز]-[۲/۱۱/۱۳۲٤ه]**

**دامەزرانی بەرەی نیشتمانی لە باشووری کوردستان:**
**[۷/٥/۱۹۸۸ز]-[۲۷/۲/۱۳٦۷ه]**

**دامەزرانی p.k.k. :**
**[۲۷/۱۱/۱۹۷۸ز]-[٦/۹/۱۳٥۷ه]**
لە گوندی فیس fis، لە ناوچەی لیچە liche، هەڵکەوتوو لە پارێزگای ئامەد.

**دانانی پەیکەرەی حاجی قادری کۆیی لە شاری کۆیە:**
**[۲۹/۱۱/۱۹۷۳ز]-[۸/۹/۱۳٥۲ه]**

**دۆزینەوەی نەوت لە بابەگوڕگوڕ:**
**[۱٤/۱۰/۱۹۲۷ز]-[۲۲/۷/۱۳۰٦ه]**

**دوو تەقینەوەی گەورە لە هەولێر:**
**[۱/۲/۲۰۰۴ز]-[۱۲/۱۱/۱۳۸۲ه]**
ئەم دوو تەقینەوەیە یەکیان لە ناوەندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕووی دا، ئەوی تریان لە ناوەندێکی یەکیەتیی نیشتمانی. هەر دوو تەقینەوە لە شاری هەولێر بوو و لە یەکەم ساتەکانی ڕووداوەکەدا هەواڵدەرە کوردییەکان ڕایانگەیاند کە ژمارەی کوژراوان دەوری ٥۷ کەسە و دەوری ۲۰۰ کەسیش بریندارن. سامی عەبدوڕەحمان و شەوکەت شێخیەزین و چەند وەزیری تر لەم کارەساتەدا گیانیان لە دەست دا.

**ڕاپەڕینی شێخ مەحموودی نەمر:**
**[۲۰/٥/۱۹۱۹ز]-[۳۰/۲/۱۲۹۸ه]**

**ڕاپەڕینی مەلا مستەفای بارزانی لە باشوور:**
**[۱۰/۸/۱۹٤٥ز]-[۱۹/٥/۱۳۲٤ه]**

**ڕفاندنی عەبدوڵڵا ئۆجالان:**
**[۱٥/۲/۱۹۹۹ز]-[۲٦/۱۱/۱۳۷۷ه]**

**ڕاپەڕینی گەلی کورد لە باشووری کوردستان:**
**[٥/۳/۱۹۹۱ز]-[۱۴/۱۲/۱۳٦۹ه]**
گەلی کورد لە باشووری کوردستان، دژی زوڵم و تاوانەکانی سەددام ڕاپەڕی و ئەو ڕاپەڕینە لە شاری ( ڕانیە )وە دەستی پێکرد، کە هەر بە ( دەروازەی ڕاپەڕین )یش ناسرا لە مێژووی ئەو ڕاپەڕینەدا.

### ڕۆژی ڕەشی ئەیلوول:

[١٩٢٠/٩/٦]ـ[١٢٩٩/٦/١٥]

شەڕی بەردەرکی سەرا ، لە سلێمانی

### ڕووخانی کۆماری کوردستان بە گیرانی مەهاباد:

[١٩٤٦/١٢/١٧ز]ـ[١٣٢٥/٩/٢٦ھ]

### ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی:

[١٨٩٨/٤/٢٢ز]ـ[١٢٧٧/٢/٢ھ]

ڕۆژنامەی «کوردستان» لە لایەن میقداد مەدحەت بەگ، لە قاهیرە.

### ڕێپێوانی مێژوویی بارزانییەکان بۆ سۆڤیەت:

[١٩٤٧/٣/١٥ز]ـ[١٣٢٥/١٢/٢٤ھ]

### زیلان لە ناوەندی ئەرتەشی تورك خۆی تەقاندەوە:

[١٩٩٦/٦/٢٩ز]ـ[١٣٧٥/٤/٨ھ]

زێنەب کناچی، لیسانسیەی ڕەوانشناسی، و دایکی دوو منداڵ، لە شاری درسیم بە شێوەی ژنێکی حامیلە خۆی تەقاندەوە.

### سووتانی بازاڕی قەیسەری مەهاباد:

[١٩٧٤/١/١٥ز]ـ[١٣٥٢/١٠/٢٥ھ]

ڕۆژی سێ شەممۆ، کاتژمێر ١٢,٤٥ ی نیوەڕۆ.

### سەفەری ٥٠ لاوی مەهاباد بۆ زانکۆی ئەفسەریی باکۆ:

[١٩۴۶/٧/٢٨ز]ـ[١٣٢٥/۵/۶ھ]

### سێڵاوی مەهاباد:

[١٩٣٦/٧/٣١ز]ـ[١٣١٥/٥/٩ھ]

### شەڕی ئاوباریك:

[١٩٣١/٤/٥ز]ـ[١٣١٠/١/١٦ھ]

شێخ مەحموودی بەرزنجی لە گەڵ ئینگلیس

### شەڕی ئینگلیس و مەحموودخانی دزڵی:

[١٩١٩/٥/١٩ز]ـ[١٢٩٨/٢/٢٩ھ]

### شەڕی بەردەقارەمان:

[١٩١٩/٦/٩ز]ـ[١٢٩٨/٣/١٩ھ]

شێخ مەحموودی بەرزنجی و ئینگلیس

### شەڕی دەربەندی بازیان:

[١٩١٩/٦/١٨ز]ـ[١٢٩٨/٣/٢٨ھ]

شێخ مەحموودی بەرزنجی و ئینگلیس

### شەڕی ڕەواندز و سووتاندنی نەوتی کەرکووك:

[١٩٦٣/٦/١٧ز]ـ[١٣٤٢/٣/٢٧ھ]

لە شۆڕشی مەلامستەفای بارزانیدا، بە ماوەی ٥٥ ڕۆژ.

### شەڕی قەڵای دمدم:

[١٦٠٨/١٢/٥ز]ـ[٩٨٧/٩/١٤ھ]

سەرکردەی کوردی برادۆست، ئەمیرخان(عەمەرێ جەلالی؟) لەگەڵ شاعەباس.

### شۆڕشی درسیم:

[١٩٣٧/٣/٣ز]ـ[١٣١٥/١٢/١٢ھ]

بە سەرکردەیی سەید ڕەزا ، دژ بە ڕژێمی ئاتاتورك

### شارۆچکەی مەخموور لە هەولێر دابڕا و خرایە سەر موسڵ:

[ ١٩٩٦/١٢/٢ز]ـ[١٣٧٤/٩/١١ھ]

بە پیلانی بەعس، چونکە شوێنێکی گرینگی کوردستانە بۆ کانزا، بە تایبەت نەوت.

### شۆڕشی برایمخانی دەلۆ لە کفری:

[١٩٢٠/٨/٢٤ز]ـ[١٢٩٩/۶/١ھ]

### قازی محەممەد بوو بە سەرکۆماری کوردستان:

[١٩٤٦/٢/١١ز]ـ[١٣٢٤/١١/٢٢ھ]

### کارەساتی قامیشلۆ:

[٢٠٠٤/٣/١٢ز]ـ[١٣٨٢/١٢/٢٢ھ]

لەم ڕۆژەدا لە یارییەکی فوتباڵ لە شاری قامیشلۆ، شەڕی نێوان کورد و عەرەب ساز بوو کە پۆلیسی سوریا لایەنگری لە عەرەبەکان کرد و هەر لە مەیدانەکەدا شەش کەسیان کورد

کوشت. ئەم ڕووداوە ئەوێ ڕۆژێ و ڕۆژەکانی دوایەش درێژەی کێشا و تەواوی شاری گرتەوە. پۆلیسی سوری بە هەموو هێزەوە سەرکوتی خەڵکی کرد و لە ئاکامدا ٢٧ کەس کوژران، ٢٠٠ کەس بریندار بوون، سەدان کەس گیران. هەندێك لە زیندانییەکان هەر وا بێسەروشوێن چوون، دوکان و بازاڕی خەڵکی کورد لە شاری قامیشلۆ تالان کرا، ژمارەیەکی زۆر قوتابی و خوێندکار لە خوێندنگە و زانکۆکان دەرکران و ڕێگەی خوێندنیان لێگیرا.

## کۆچی دوایی میرجەلادەت بەدرخان:

[١٩٥١/٧/١٥ز]-[١٣٣٠/٤/٢٤ھ]

کوڕی ئەمین عالی بەگ بەدرخان ، و برای د. کامران بەدرخان. هاوکاری شێخ سەعیدی پیران و خاوەنی گۆڤاری (هاوار) لە سوریە.

## کۆچی دوایی حەفسەخانی نەقیب:

[١٩٥٣/٤/١٢ز]-[١٣٣٢/١/٢٣ھ]

ژنێکی ناوداری کورد. کچی نەقیب شێخ مارف، نەوەی حاجی کاك ئەحمەدی شێخ، خەڵکی سلێمانی.

## کۆچی دوایی شێخ مەحموود:

[١٩٥٦/١٠/٩ز]-[١٣٣٥/٧/١٧ھ]

## کۆچی دوایی ئایەتوڵڵا مەردووخ:

[١٩٧٥/٩/١٢ز]-[١٣٥٤/٦/٢١ھ]

مفتی کوردستان و خاوەنی مێژوو و فەرهەنگی کوردی، لە دایکبووی ١٨٨٠ ی سنە.

## کۆچی دوایی مەلا مستەفای بارزانی:

[١٩٧٩/٣/١ز]-[١٣٥٧/١٢/١٠ھ]

سەرکردەی مەزنی کورد، لەدایکبووی ١٩٠٣

## کۆچی دوایی سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی گەیلانیزادە:

[١٩٦٧/٧/٢ز]-[١٣٤٦/٤/٣ھ]

نیشتمانپەروەر و ڕووناکبیری کورد، کوڕی شێخ عەبدولقادری شەمزینان و نەوەی شێخ عوبەیدیللای شەمزینی. ساڵی ١٨٩٠/٩١ لە تایفی حیجاز، لە عەرەبستانی سعوودی لەدایك بوو. لە تەمەنی لاویدا گەڕایەوە زێدی خۆی لە باکووری کوردستان و چووە ڕیزی سپای عوسمانی. دوای هاتنە سەر کاری مستەفا کەماڵ و لە سێدارەدرانی شێخ عەبدولقادری باوکی و سەید محەممەد ئەفەندی برا گەورەی، ئەو خۆی دەرباز کرد و هاتە ناوچەی مەرگەوەڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە موڵکی خۆیان بوو و لە شێخ تەهاوە بۆیان مابۆوە. لە تەمەنی پیریدا هاتە ورمێ و هەر لەو شارە کۆچی دوایی کرد. تەرمی پیرۆزی لە گوندی (دزە)ی مەرگەوەڕ نێژرا.

## کۆچی دوایی برایم ئەحمەد لە لەندەن:

[٢٠٠٠/٤/٨ز]-[١٣٧٩/١/٢٠ھ]

سیاسەتمەداری کورد، لەدایکبووی ١٩١٤ سلێمانی

## کۆچی دوایی میرزاڕەحمەتی شافیعی:

[١٩٥٢ /٩/٤ز]-[١٣٣١/٦/١٣ھ]

کوڕی مامباپیر، کەسایەتیی ناوداری مەهاباد، لە عەشیرەتی گەورکی سەردەشت، لەدایکبووی ١٢٦٦ ی هەتاوی، لە زۆربەی کاروبارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی مەهابادی ئەو کاتدا دەستی توانای هەبووە و شوێنی گرینگی داناوە.

## کۆچی دوایی سەید محەممەد تاهیری هاشمی:

[١٩٩١ /٧/٢٤ز]-[١٣٧٠/٥/٢ھ]

شاعیری کلاسیکی کوردی کرماشانی

## کۆچی دوایی شێخی بورهان:

[١٩١٠/٦/١٩ز]-[١٢٨٩/٣/٢٩ھ]

شێخ یوسف شەمسەددین، عارفی بەناوبانگی کورد، لەدایکبووی ١٨٢٦ لە ناوچەی لاجان. گڵکۆی پیرۆزی لە گوندی (خانەقا)یە.

## کۆچی دوایی بورهانەددین حەمدی:

[١٩٨٧/١١/٣٠ز]-[١٣٦٦/٩/٩ھ]

پسپۆڕی فەلسەفە ، لەدایکبووی ١٩٠٥ سنە.

## کۆچی دوایی شێت مستەفا عومەر چەڵەبی:

[١٩٧٣/٨/٢٨ز]-[١٣٥٢/٦/٦ھ]

ڕۆژنامە نووسی کورد، لەدایکبووی ١٩١٤، حقووقزانێکی کورد بووە، لە هەولێر هاتووەتە دنیا، کۆلێژی مافی لە بەغدا تەواو کردووە، لە ١٩٣٥بووەتە بەڕێوەبەر و بەرپرسی گۆڤاری

ڕووناکی، کە حوسێن حوزنی سەرنووسەری بووە، لە ژمارەکانی ١ و ٢ ی ڕووناکیدا ٤ وتاری بلاو کراوەتەوە.

### کۆچی دوایی شێخ ڕەزای تاڵەبانی:
[١٩١٠/١/١٣ز]-[١٢٨٨/١٠/٢٣هـ]

شاعیری کلاسیکی کورد، لە دایکبووی ١٨٣٦ لە گوندی قرخ دەڤەری کەرکووك. لە تەمەنی ٧٤ ساڵی کۆچی کرد و لە بەغدا نێژرا.

### کۆچی دوایی عەلی عارفئاغا:
[١٩٩٥/١٢/١٤ز]-[١٣٧٤/٩/٢٣هـ]

شاعیری کلاسیکی کورد، نازناوی شیعریی (شاری)، لە دایکبووی ١٩١٠ لە گەڕەکی (دەرگەزێن)ی سلێمانی. جگە لە شیعر کەمتاکورتێکیش لە بوارەکانی ڕۆمان، چیرۆك و وەرگێڕاندا کاری کردووە و نموونەی ئەوکارانەی لە گۆڤارەکانی ژیانەوە، ژیان، ژین، گەلاوێژ، بەیان و هاوکاری دا بلاو کراوەتەوە. دوو کۆمەڵە شیعری خۆی بە چاپ گەیاندووە: یەکەم، چەپکێ گوڵ و غونچە (١٩٨٠)، دوویەم، بەرهەمی خاوێن (١٩٨٤).

### کۆچی دوایی عەبدولەجید مەلیکولکەلام (مەجدی):
[١٩٢٦/٦/٨ز]-[١٣٠٥/٣/١٧هـ]

شاعیر، نووسەر و زانای بەناوبانگی کورد، لەدایکبووی ١٨٥٢ لە شاری سەقز. بە زمانەکانی کوردی، فارسی، عەرەبی و ترکی پتر لە ٦٠ هەزار بەیت شیعری هەیە. ٦ کتێبی گرینگی لەسەر لێکدانەوەی بەرهەمەکانی عارفانی ئێرانی نووسیوە. لە تاران کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی (آبانبار قاسمخان) نێژرا.

### کۆچی دوایی شێخ محەممەدی خاڵ:
[١٩٨٩/٧/١٥ز]-[١٣٦٨/٤/٢٤هـ]

نووسەر و خاوەنی یەکەم فەرهەنگی کوردی — کوردی

### کۆچی دوایی زێوەر:
[١٩٤٨/١١/١٠ز]-[١٣٢٧/٨/١٩هـ]

مەلا عەبدوڵڵای زێوەر، شاعیری کلاسیکی کورد، لە ١٨٧٥ لە سلێمانی لە دایك بوو.

### کۆچی دوایی حەمدی:
[١٩٣٦/١١/١٢ز]-[١٣١٥/٨/٢١هـ]

حەمدی بەگی ساحێبقران، شاعیری کلاسیکی کورد.

### کۆچی دوایی دڵدار:
[١٩٤٨/١١/١٢ز]-[١٣٢٧/٨/٢١هـ]

یـونس ڕەئـووف، لـەدایکبووی کۆیـە. شـاعیری نوێخـواز و حقوقزانی کورد

### کۆچی دوایی گۆران:
[١٩٦٢/١١/١٨ز]-[١٣٤١/٨/٢٧هـ]

عەبدوڵڵا سلێمان عەبدوڵڵا، پێشەنگی شیعری نوێی کوردی، لە دایکبووی ١٩٠٤ هەڵەبجە.

### کۆچی دوایی پیرەمێرد:
[١٩٥٠/٦/١٩ز]-[١٣٢٩/٣/٢٩هـ]

شاعیر و ڕۆژنامەنووسی کورد، لەدایکبووی ١٨٦٧ی سلێمانی

### کۆچی دوایی گیوی موکریانی:
[١٩٧٧/٧/٢٤ز]-[١٣٥٦/٥/٢هـ]

فەرهەنگنووسی مەزنی کورد، خاوەنی ٥ فەرهەنگ، برای حوسێن حوزنی، لەدایکبووی ١٩٠٣ی مەهاباد

### کۆچی دوایی ڕەفیق حیلمی:
[١٩٦٠/٨/٤ز]-[١٣٣٦/٥/١٣هـ]

نووسەر و توێژەری کورد، خەڵکی سلێمانی و ڕاوێژکاری شـێخ مەحموود

### کۆچی دوایی مەلا حەسەنی شاهۆ:
[١٩٧١/٦/٢٣ز]-[١٣٥٠/٤/٢هـ]

شاعیری کلاسیکی کورد

### کۆچی دوایی ساڵح دیلان:
[ ١٩٩٠/١٠/٢٨ز]-[١٣٦٩/٨/٦هـ]

شاعیری نوێخوازی کورد. لەدایکبووی ١٩٢٧ی سلێمانی.

## کۆچی دوایی یەلماز گۆنای:
[١٩٨٤/٩/٩ز]-[١٣٦٣/٦/١٨ھ]

دەرهێنەری سینەما، خاوەنی ٦٠ فیلم

## کۆچی دوایی حوسێن حوزنی:
[١٩٤٧/٩/٢١ز]-[١٣٢٦/٦/٢٩ھ]

مێژوو نووسی کورد. برای گیوی موکریانی، لەدایکبووی ١٨٩٣ مەهاباد

## کۆچی دوایی عەزیزی یۆسفی:
[١٩٧٨/٦/٥ز]-[١٣٥٧/٣/١٥ھ]

نووسەر و چالاکوانی سیاسی، لە تاران بە نەخۆشیی سەکتەی دڵ کۆچی کرد و لە گۆڕستانی گومبەزانی شاری مەهاباد بە ڕێورەسمێکی گەورە نێژرا.

## کۆچی دوایی حەماغای کۆیە:
[ ١٩٢٠/٨/١ز]-[١٢٩٩/٥/٩ھ]

## کۆچی دوایی مەلاکەریمی فیدایی:
[١٩٩٣/٣/٢٤ز]-[١٣٧٢/١/٤ھ]

شاعیری کلاسیکی کورد، لەدایکبووی ١٩٢٨ی گوندی سیسێری سەر بە گەورکی سەردەشت.

## کۆچی دوایی د. ئاسۆ (قادر مەحموودزادە):
[١٩٩٨/٩/٩ز]-[١٣٧٧/٦/١٨ھ]

لەدایکبووی ١٩٢٤ی مەهاباد. ساڵی ١٩٩٦بەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکانی خۆی چاپ و بلاو کردەوە. بەشەکانی تری هەروا بە دەسنووسی ماونەوە. بیرەوەرییەکانی د.ئاسۆ بەشێکی گرینگ لە مێژووی ناوچەکەیان پاراستووە.

## کۆچی دوایی مامۆستا قانع:
[١٩٦٥/٥/٧ز]-[١٣٤٤/٢/١٧ھ]

شاعیری کورد

## کۆچی دوایی مامۆستا هێمن:
[١٩٨٦/٤/١٨ز]-[١٣٦٥/١/٢٩ھ]

شاعیری نەتەوەیی گەلی کورد

## کۆچی دوایی کاکەی فەللاح:
[١٩٩٠/١٠/٩ز]-[١٣٦٩/٧/١٧ھ]

شاعیری نوێخوازی کورد، لەدایکبووی ١٩٢٨ی چوارتای شاربازێڕ

## کۆچی دوایی مەلا ڕەسووڵی زەندی (ئەدیب):
[ ١٩٣٣/٩/٢ز]-[١٣١٢/٦/١١ھ]

شاعیری کلاسیکی کورد، لەدایکبووی ١٨٧٤ لە گوندی شاوەلە.

## کۆچی دوایی ئوستاد ئەحمەد تورجانیزادە:
[١٩٨٠/٩/٢٤ز]-[١٣٥٩/٧/٢ھ]

زانای پایەبەرزی کورد، لەدایکبووی ١٩٠١

## کۆچی دوایی سەیدکامیل ئیمامی (ئاوات):
[١٩٨٩/٨/٢٧ز]-[١٣٦٨/٦/٥ھ]

شاعیری کلاسیکی کورد، لەدایکبووی ١٩٠٣ لە گوندی زەمبیل

## کۆچی دوایی سەید محەممەدئەمین بەرزەنجی (خاڵەمین):
[١٩٩٢/٤/١٢ز]-[١٣٧١/١/٢٣ھ]

شاعیری کلاسیکی کورد، لەدایکبووی ١٩١٠

## کۆچی دوایی جگەرخوێن:
[١٩٨٤/١٠/٢٢ز]-[١٣٦٣/٧/٣٠ھ]

شاعیری کورد، خاوەنی ٨ دیوانی شێعر، لەدایکبووی ١٩٠٣ لە گوندی (هەسار).

## کۆچی دوایی تەوفیق وەهبی:
[١٩٨٤/١/٥ز]-[١٣٦٢/١٠/١٥ھ]

پسپۆڕی ناوداری کورد، لە دایکبووی ١٨٩١ سلێمانی

## کۆچی دوایی ئەحمەد موختار بەگی جاف:
[١٩٣٥/٢/٦ز]-[١٣١٣/١١/١٧ھ]

شاعیری کلاسیکی کورد، کوڕی وەسمان پاشای جاف، و برای تاهیر بەگی جاف، لە دایکبووی ١٨٩٨ هەڵەبجە

**کۆچی دوایی ساڵح قەفتان:**
[١٩٦٧/٨/٣٠ز]-[١٣٤٦/٦/٨ه]
مێژوو نووسی کورد

**کۆچی دوایی قاناتی کوردییێڤ:**
[١٩٨٥/١٢/١ز]-[١٣٦٤/٩/١٠ه]
ڕۆشنبیر و کوردناسی کوردی سۆڤیەت.

**کۆچی دوایی عەلائەددین سەججادی:**
[١٩٨٤/١٢/١٣ز]-[١٣٦٣/٩/٢٢ه]
زانای کورد، خاوەنی مێژووی ئەدەبی و دەیان کتێبی گرینگ، لە دایکبووی ١٩٠٧ سنە.

**کۆچی دوایی بێکەس:**
[١٩٤٨/١٢/١٨ز]-[١٣٢٧/٩/٢٧ه]
شاعیری کلاسیکی کورد، فایق عەبدوڵڵا کاکەحەمە ئەلیاس، لەدایکبووی ١٩٠٥ی سیتەکی سلێمانی.

**کۆچی دوایی شێخ نووری شێخ ساڵح:**
[١٩٥٨/١٢/٢٠ز]-[١٣٣٧/٩/٢٩ه]
ڕچە شکێنی شێعری نوێی کوردی، لەدایکبووی ١٨٩٤/١٨٩٥ سلێمانی.

**کۆچی دوایی مامۆستا هەژار:**
[١٩٩١/٢/٢١ز]-[١٣٦٩/١٢/٢ه]
شاعیر، وەرگێڕ و نووسەری کورد، لەدایکبووی ١٩٢١ مەهاباد

**کۆچی دوایی محەممەد تەوفیق وردی:**
[١٩٧٥/١٢/٢ز]-[١٣٥٣/٩/١١ه]
شاعیر، نووسەر و فۆلکلۆرناسی کورد، خاوەنی ٣٩ کتێبی چاپکراو، سروودی (ئەی شەهیدان) یادگاری ئەوە، لە ١٩٤٦ چالاکیی فەرهەنگی هەبوو لە کۆماری مەهابادا.

**کۆچی دوایی کامەران موکری:**
[١٩٨٦/١٢/٧ز]-[١٣٦٤/٩/١٦ه]
شاعیری نوێخواز و شۆڕشگێری کورد، ناوی «محەممەد ئەحمەد تەها»، کوڕی عەبدوڵڵا یە، لە ١٩٢٩ لە سلێمانی لە دایك بووە، بەرهەمە شێعرییەکانی بە چەند دیوانێك و لە ژێر ناونیشانی جیاجیادا بڵاوکراونەوە.

**کۆچی دوایی مەلا غەفووری دەبباغی(حافز):**
[١٩٩٠/٨/١٢ز]-[١٣٦٩/٥/٢١ه]
شاعیری نابینای کورد، ساڵی ١٩٢٧ لە سەقز لە دایك بوو، لە مەهاباد ژیا، هەر لەم شارەش کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی بوداغ سوڵتان نێژرا. لە بەرهەمەکانی، تەنیا گوڵبژێرێك بە ناوی (دیاری مەهاباد) چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

**کۆچی دوایی تەها فەیزیزادە:**
[١٩٩٨/٧/٢ز]-[١٣٧٧/٤/١ه]
نووسەر و لێکۆڵەر، لەدایکبووی ١٩٣٣ی مەهاباد

**کۆچی دوایی میرزا حەسەنی قازی (سەیفولقوزات):**
[١٩٤٥/١/٢٧ز]-[١٣٢٣/١١/٧ه]
شاعیر، لەدایکبووی ١٢٥٥ی هەتاوی، ١٨٧٦ی زایینی

**کۆچی دوایی سەید مەحموود گوڵشەن:**
[١٩٩٢/١/١ز]-[١٣٧١/١٠/١١ه]
ناسراو بە گوڵشەنی کوردستانی، لەدایکبووی ١٣٩٠ لە شاری سنە

**کۆچی دوایی محەممەدی قازی:**
[١٩٩٨/١/١٤ز]-[١٣٧٦/١٠/٢٤ه]
وەرگێڕی بەناوبانگی فەرەنسی بە فارسی، لەدایکبووی ١٩١٣ ی مەهاباد، خاوەنی ٦٦ وەرگێڕانی چاپکراو و سێ بەرهەمی نووسینی خۆی: ١- زارا، چیرۆك ٢- خاطرات یک مترجم ٣- سرگذشت ترجمەهای من

**کۆچی دوایی مەلا مارفی کۆکەیی:**
[١٩۴٥/٨/٢٨ز]-[١٣٢۴/۶/۶ه]
شاعیری بەناوبانگی کورد، لەدایکبووی ١٢٥٣ ی هەتاوی / ١٨٧٤ ی زایینی، مەهاباد- گوندی حاجی خۆش.

**کۆچی دوایی شکور مستەفا:**
[٢٠٠٣/٩/١٨ز]-[١٣٨٢/٦/٢٧ه]

نووسەر و ئەدیبی کورد. گەلێك بەرهەمی ئەدەبیی زۆر گرینگی لە دوا بەجێماوە.

### کۆچی دوایی حەسەن قزڵجی:
[۱۹۸٤/۹/۲۹ز]-[۱۳٦۳/۷/۷هـ]

نووسەر و ئەدیبی کورد، لەدایکبووی ۱۹۱۳ لە گوندی قزڵجەی بۆکان.

### کۆچی دوایی ئەحمەد هەردی:
[۲۰۰٦/۱۰/۲۹ز]-[۱۳۸۵/۸/۷هـ]

لەدایکبووی ۱۹۲۲ی سلێمانی. لە ۱۹۵۷ کۆمەڵە شێعری ڕازی تەنیایی چاپ بوو.

### کۆچی دوایی سەید ڕەحیم قورەیشی«دڵسۆز»:
[۱۹۹۱/٦/۸ز]-[۱۳۷۰/۳/۱۸هـ]

هونەرمەندی وێژەر، دەنگخۆش و شانۆکار، لەدایکبووی ۱۹۳۰ی مەهاباد.

### کۆچی دوایی شەماڵ سایب:
[۱۹۸٦/۱۱/۷ز]-[۱۳٦۵/۸/۱٦هـ]

هونەرمەند و گۆرانیبێژی بە ناوبانگی کورد.

### کۆچی دوایی مامۆستا عەلی مەردان:
[۱۹۸۱/۷/۲٤ز]-[۱۳٦۰/۵/۲هـ]

مۆسیقازان و مەقامبێژی گەورەی کورد. کوڕی عەبدولقادر، لەدایکبووی ۱۹۰٤ لە گوندی (کانی سارد)ی ناوچەی شارباژێڕ. خاوەنی ۷۱۳ گۆرانی و مەقامی تۆمار کراو.

### کۆچی دوایی حەسەن زیرەك:
[۱۹۷۲/٦/۲٦ز]-[۱۳۵۱/٤/۵هـ]

گۆرانیبێژی کورد ، خاوەنی ۱۰٦۵ گۆرانی تۆمار کراو، لەدایکبووی ۱۹۲۱ بۆکان.

### کۆچی دوایی موجتەبا میرزادە:
[۲۰۰۵/۷/۱۷ز]-[۱۳۸۴/۴/۲۶هـ]

مۆسیقازان، سەرکەوتووترین گۆرانییەکانی هونەرمەند حەسەن زیرەکی تەنزیم و سەرپەرستی کرد. خزمەتی مەزنی ئەو بە مۆسیقای نوێ و ئۆرکێستری کوردی جێگای ڕێز و گرینگییە.

لە کرماشان لەدایك بوو و لە تاران بە هۆی نەخۆشیی دڵ کۆچی کرد.

### کۆچی دوایی برایم خەیات:
[۲۰۰۵/۵/۴ز]-[۱۳۸۴/۲/۱۴هـ]

دەنگخۆش و هونەرمەندی کورد لەدایکبووی ۱۹۳۱ی سلێمانی

### کۆچی دوایی ڕەفیق چالاك:
[۱۹۷۳/۱۱/۳۰ز]-[۱۳۵۲/۹/۹هـ]

مۆسیقازان و دەنگخۆشی کورد، خەڵکی سلێمانی

### کۆچی دوایی محەممەد عارف جزیری:
[۱۹۸٦/۱۲/۱۷ز]-[۱۳٦۵/۹/۲٦هـ]

مەقام بێژی بەناوبانگی بادینان

### کۆچی دوایی خەلیلی سەددیقی:
[۱۹۷۰/۱/۲٤ز]-[۱۳٤۸/۱۱/٤هـ]

هونەرمەند و دەنگخۆشی مەهابادی، کوڕی محەمەد سەدیق، لەدایکبووی ۱۹۳۰

### کۆچی دوایی تاهیر تەوفیق:
[۱۹۸۷/۱۰/۲۰ز]-[۱۳٦٦/۷/۲۸هـ]

مەقام بێژی بەناوبانگی باشووری کوردستان، لەدایکبووی ۱۹۲۲ کۆیە.

### کۆچی دوایی محەممەدی ماملێ:
[۱۹۹۹/۱/۲۳ز]-[۱۳۷۷/۱۱/۳هـ]

گۆرانیبێژی بە ناوبانگی کورد، کوڕی سەعید، لە دایکبووی ۱۹۲۵ی مەهاباد

### کۆچی دوایی قادر دیلان لە پراگ:
[۱۹۹۹/۳/۱۸ز]-[۱۳۷۷/۱۲/۲۷هـ]

مۆسیقازان و گۆرانیبێژی کورد، لەدایکبووی ۱۹۳۰ سلێمانی

### کۆچی دوایی ڕەسووڵ بێژار گەردی:
[۱۹۹۴/۱۰/۱۷ز]-[۱۳۷۳/۷/۲۵هـ]

حەیرانبێژی بە ناوبانگی کورد

### ڕاگەیاندنی ناسنامەی نەتەوەیی:
[٢٠٠١/٦/٢٨ز]-[١٣٨٠/٤/٧ه]

### کوژرانی جەمالٚ فەقێ یاقووبی:
[١٩٧٨/٩/٢٥ز]-[١٣٥٧/٧/٣ه]

لە یەکەم خۆپێشاندانی مەهاباد دژی ڕژێمی پەهلەوی لە شۆڕشی ١٣٥٧

### کوژرانی ئامین لەجێ (ئامین چاو جوان) لە دوویەم خۆپێشاندانی مەهاباد:
[١٩٧٨/٩/٢٦ز]-[١٣٥٧/٧/٤ه]

### کوژرانی د.سیروان، سکرتێری yndk:
[١٩٩٦/١٠/٤ز]-[١٣٧٥/٧/١٢ه]

### کۆمەڵ کوژی خەڵکی کەرکووک:
[١٩٥٩/٧/١٤ز]-[١٣٣٨/٤/٢٣ه]

### کەرکووک ئازاد کرا:
[١٩٩١/٣/٢٠ز]-[١٣٦٩/١٢/٢٩ه]

بەرەی کوردستانی لە زەمانی دامەزرانییەوە تا ئازادکردنی کەرکووک٣٠٠٠ پێشمەرگەی قوربانی دابوو.

### گەڕانەوەی مەلا مستەفا لە سۆڤیەتەوە بۆ کوردستان:
[١٩٥٨/١٠/٦ز]-[١٣٣٧/٧/١٤ه]

### گیرانی شێخ مەحموودی نەمر:
[١٩٢٢/٧/٢٣ز]-[١٣٠١/٥/١ه]

### گیرانی سەددام حوسێن:
[٢٠٠٣/١٢/١٣ز]-[١٣٨٢/٩/٢٢ه]

سەددام حوسێن پاشی هەشت مانگ خۆشاردنەوە، کاتژمێر ٨ی ئێواری ڕۆژی شەممۆ ٢٢ی سەرماوەزی ١٣٨٢ی هەتاوی، لە هۆدەیەکی زۆر بچووکی ژێرزەوینیدا کە لە ڕێگەی لوولەیەکەوە پشووی دەکێشا، لە شارۆچکەی (الداور)ی ١٥ کیلۆمەتریی تەکریت، بە سەرو گوێلاکێکی ئاڵۆز و بە ڕدێنێکی ڕەش و سپی درێژەوە، بە دەستی هێزەکانی هاوپەیمان و بە یارمەتیی کوردەکان دەستگیر کرا و وێنەکانی بە زەلیلی لە سەر شاشەی تەلەیزیۆنەکانی دنیا پێشان درا.

### گیرانی شەهرەبانی مەهاباد بە دەستی خەڵك:
[١٩٧٩/٢/١٢ز]-[١٣٥٧/١١/٢٣ه]

### گیرانی پادگانی مەهاباد بە دەستی خەڵك و تالانی چەك و چۆڵ:
[١٩٧٩/٢/١٩ز]-[١٣٥٧/١١/٣٠ه]

### لە دایکبوونی دڵدار:
[١٩١٨/٢/٢٠ز]-[١٢٩٦/١٢/١ه]

یۆنس ڕەئووف، لەدایکبووی١٩٤٨ی کۆیە. شاعیری نوێخواز و حقوقزانی کورد

### لە دایکبوونی د. سەید کەریم ئەییووبی:
[١٩٢٤/٤/١٢ز]-[١٣٠٣/١/٢٣ه]

زانا و زماناسی پایەبەرزی کورد. لە ١٩٩٥ لە لێنینگراد کۆچی دوایی کرد و لە ١٩٩٥/٩/١٣ تەرمەکەی هێنرایەوە مەهاباد و لە گۆڕستانی بوداغ سولتان نێژرا.

### لە دایکبوونی ئەمیر شەرەفخانی بدلیسی:
[١٥٤٣/٢/٢٥ز]-[٩٢١/١٢/٦ه]

خاوەنی شەرەفنامە، یەکەمین مێژووی کوردستان. لە ناوچەی (کەهروود)ی سەر بە شاری (قوم)ی ئێران لە دایك بووە و ساڵی ١٦٠٣ لە زێدی خۆی، (بدلیس) کۆچی دوایی کردووە.

### لە دایکبوونی مەلا ئەحمەدی فەوزی:
[١٨٨٤/٩/٢ز]-[١٢٦٣/٦/١١ه]

زانا و ئەدیبی کورد، لە ١٩٤٢ کۆچی دوایی کرد.

### لە دایکبوونی د. سەعیدخانی کوردستانی(پیرۆز):
[١٨٦٣/١٢/٢٢ز]-[١٢٤٢/١٠/١ه]

کەسایەتیی ئایینی کورد، خەڵکی سنە، لە تەمەنی لاویدا هاتە سەر دینی مەسیحی و بووبە پزیشکێکی بە ناوبانگ، (نزانی) وەرگێڕدراوی چوار بەرگ ئینجیلە بە قەڵەمی سەعید خان بۆ سەر زمانی کوردی. لە ١٩٤٢ کۆچی دوایی کرد.

### له دایكبوونی عەبدولحەمیدی بەدیعوززەمانیی كوردستانی:

[۱۹۰٥/۱/۱۱ز]ـ[۱۲۸۳/۱۰/۲۱هـ]

زانا و ئەدیبی پایەبەرزی كورد، كوڕی عەبدولمەجیدی مەجدولمەمالیك (فەڕوەهی)، لە شاری سنە لەدایك بووە. لە ساڵی ۱۳۳۸ هەتا ۱۳٤۲ سەرۆكی حەوتەنامەی كوردستان بووە كە بە زمانی كوردی لە تاران چاپ دەبوو و یەكەم ژمارەی لە ۲۹ی بانەمەڕی هەمانساڵ دەرچووە. سەرجەم ۱٦ كتێبی لە بواری ئەدەبی عەرەبی و فارسیدا نووسیوە، كە هەندێكیان هەر وا بە دەستنووسی ماونەوە. لە ۱۹۷۷ كۆچی دوایی كرد.

### له دایكبوونی پرۆفیسۆر حەجیێ جندی:

[۱۹۰۸/۳/۱۸ز]ـ[۱۲۸٦/۱۲/۲۷هـ]

زانا و كوردناسی كوردی ( ئەرمەنستان) كۆچی دوایی ۱۹۹۰

### لەدایكبوونی عەبدوڵلا ئۆجالان:

[۱۹٤۹/٤/٤ز]ـ[۱۳۲۸/۱/۱٥هـ]

سكرتێری گشتی پارتی كرێكارانی كوردستان

### له دایكبوونی عەبدولڕەحمان زەبیحی(ع. بێژن/عولەما)

[۱۹۲۰/٤/۲۱ز]ـ[۱۲۹۹/۲/۱هـ]

كوڕی محەمەد ئەمین، لەدایكبووی مەهاباد، لە بناغەدانەرانی كۆمەڵەی ژ.ك. بوو، گۆڤاری نیشتمان «ئۆرگانی ژ.ك.» بە هەوڵ و تێكۆشانی ئەو چاپ و بڵاو دەكرایەوە. دوای ڕووخانی كۆماری كوردستان(۱۹٤٦)، ئاوارەی هەندەران بوو. لە بەغدا بە ناوی خواستراوی «قادر» و لە سوریا بە ناوی «عیسا عەڕەفات» دەژیا. بۆ ماوەیەك لە بەشی كوردیی ڕادیۆ قاهیرە كاری كرد. دوای كۆدتای عەبدولكەریم قاسم هاتەوە عێراق و بە ناوی «عیسا ئەلزەبیحی» چالاكییە سیاسییەكانی لەوێ دەستپێكردەوە. لە ئۆوتی ۱۹۷۹ گەڕایەوە مەهاباد و لە ۱۹۸۰ بە چەشنێكی نهێنی بێسەروشوێن كرا. گرینگترین كاری فەرهەنگیی زەبیحی «قاموسی زمانی كوردی»یە كە تەنیا دوو بەرگی «ئـ» و «ب» ی لە لایەن كۆڕی زانیاری كوردەوە لە ساڵانی ۱۹۷۷ و ۱۹۷۹ چاپ كرا.

### لەدایكبوونی ئەلیێ ئەڤدرەحمان(عەلی عەبدوڕەحمان):

[۱۹۲۰/۱/۲۹ز]ـ[۱۲۹۸/۱۱/۹هـ]

شاعیر و چیرۆكنووسی كوردی كۆماری ئازەربایجان، خاوەنی ۱٤ بەرهەمی ئەدەبی بە زمانی كوردی

### له سێدارەدانی لەیلا قاسم:

[۱۹۷٤/٥/۱۳ز]ـ[۱۳٥۳/۲/۲۳هـ]

ساڵی ۱۹٥۳ لە گوندێكی سەر بە خانەقین لەدایك بوو، ساڵی ۱۹۷٤ لە كۆلێژی ئادابی زانكۆی بەغدا دەستگیر كرا و هەمان ساڵ لە زیندانی ئەبووغەریبی نزیك بەغدا ئێعدام كرا. لەیلا قاسم یەكەم ئافرەتی ئێعدام كراوە لە باشووری كوردستاندا.

### له سێدارەدانی قازی محەمەد:

[۱۹٤۷/۳/۳۱ز]ـ[۱۳۲٦/۱/۱۰هـ]

لەگەڵ ئەبولقاسم سەدری قازی و حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی، بە حوكمی دادگای نیزامی ڕژێمی پەهلەوی، لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لە دار دران. قازی محەمەد كوڕی قازی عەلی، ساڵی ۱۹۱۰ لە مەهاباد لەدایك بوو.

### له سێدارەدانی ٤ ئەفسەری كۆمار:

[۱۹٤۷/٦/۱۹ز]ـ[۱۳۲٦/۳/۲۹هـ]

عێزەدین عەبدولعەزیز ، مستەفا خۆشناو ، خەیروڵلا عەبدولكەریم ، محەمەد قودسی

### له سێدارەدانی شێخ سەعیدی پیران:

[۱۹۲٥/٦/۲۹ز]ـ[۱۳۰٤/٤/۸هـ]

لە باكووری كوردستان بە فەرمانی ئاتاتورك

### له سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی:

[۱۹۱٤/۱۱/۱ز]ـ[۱۲۹۳/۸/۱۰هـ]

شێخ عەبدولسەلامی دووهەم، براگەورەی مەلامستەفای بارزانی. دژی توركان ڕاپەڕی، لەگەڵ سمایلئاغای سمكۆش هاوكاری كرد، بە خەیانەتی كورد شكا.

### له سێدارە دانی سەید ڕەزا درسیم:

[۱۹۳۷/۱۱/۱۸ز]ـ[۱۳۱٦/۸/۲۷هـ]

ڕێبەری شۆرشی درسیم، لەدایكبووی ۱۸٦۲، كوردی عەلەوی، بە پیلانی ئاتاتورك بەردەست و ئیعدام كرا.

### لە سێدارەدانی محەممەد سەعید قەزاز:
[١٩٥٩/٩/٢ز]ـ[١٣٣٨/٦/٩هـ]

لە لایەن ڕژێمی عەبدولکەریم قاسمەوە. محەممەد سەعید قەزاز کوڕی میرزا مەجید، ساڵی ١٩٠٣ لە گەڕەکی گۆیژەی سلێمانی هاتووەتە دنیا. لە حکوومەتی نووری سەعیددا وەزیری ناوخۆ بووە. پاشی کودتای عەبدولکەریم قاسم، کەوتە بەر ئیعدامەکانی (مەحکەمەی شعب).

### لە سێدارەدانی سەددام حوسێن:
[٢٠٠٦/١٢/٣٠ز]ـ[١٣٨٥/١٠/٩هـ]

کاتژمێر ٦ی سەرلەبەیانی، سەددام حوسێن لە شاری بەغدا بە تەناف ئیعدام کرا. تەلەیزیۆنەکانی دنیا دوو سەعات دوایە، وێنەی چوونە پای داری ئەویان نیشان دا. سەددام لە ٢٨ی ئاوریلی ١٩٣٧ (بەرامبەری ١٣١٦/٢/٨) لە گوندی (العوجە)ی نزیك تکریت لە دایك بوو. لە ١٣ی دیسامبەری ٢٠٠٣ (١٣٨٢/٩/٢٢) گیرا و ٣ ساڵ و ١٧ ڕۆژ لە زینداندا بوو. نزیکەی ٣٥ جەلەسە محاکەمە کرا. و لە کاتی ئیعدامدا تەمەنی ٦٩ ساڵ و ٨ مانگ و ١ ڕۆژ بوو.

### مەسعوود بارزانی لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە سەرۆکی کوردستان هەڵبژێردرا:
[٢٠٠٥/٦/١٢ز]ـ[١٣٨٤/٣/٢٢هـ]

### هاتنی کۆڕی نوێنەرایەتیی دەوڵەتی کاتیی ئێران بۆ مەهاباد:
[١٩٧٩/٢/١٧ز]ـ[١٣٥٧/١١/٢٨هـ]

داریووشی فروهەر، محەممەدی موکری، ئیسماعیلی ئەردەڵان و ئایەتوڵڵا نووری

### هاتنی وەرەهرام بۆ مەهاباد و کوژرانی سەید عومەر:
[١٩٧٨/١١/١ز]ـ[١٣٥٧/٨/١١هـ]

### هەڤاڵ « ڕەوشەن » خۆی سووتاند:
[ ١٩٩٦/١٠/٢٥ز]ـ[١٣٧٥/٨/٣هـ]

لەیلا کاپلان، لە شاری ئەدەنە

### هەڵاتنی شا لە ئێران و دوایی حکوومەتی پەهلەوی:
[١٩٧٩/١/١٦ز]ـ[١٣٥٧/١٠/٢٦هـ]

### هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مەهاباد:
[١٩٤٥/٥/٩ز]ـ[١٣٢٤/٣/١٩هـ]

### هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیحسان نووری پاشا:
[١٩٢٧/١٠/٢٨ز]ـ[١٣٠٦/٨/٦هـ]

لە باکووری کوردستان

### هێرشی تورك بۆ باشووری کوردستان:
[١٩٩٧/٥/١٤ز]ـ[١٣٧٦/٢/٢٤هـ]

### هێرشی خەڵکی مەهاباد بۆ سەر شەهرەبانیی ئەو شارە:
[١٩٤٥/٢/١٥ز]ـ[١٣٢٣/١١/٢٦هـ]

### یەکەم شەڕی شێخ مەحموود و ئینگلیس:
[١٩١٩/٤/٢١ز]ـ[١٢٩٨/٢/١هـ]

### یەکەم کۆنگرەی «ح.د.ك.ا.» لە مەهاباد:
[١٩٤٥/١٠/٢٣ز]ـ[١٣٢٤/٨/٢هـ]

### یەکەم ژمارەی «ڕییا تازە»:
[١٩٣٠/٣/٢٥ز]ـ[١٣٠٩/١/٥هـ]

گۆڤاری کوردیی سۆڤیەتی پێشوو (ئەرمەنستان - ئەیرەوان)

### یەکەم ژمارەی گۆڤاری ڕووناکی:
[١٩٣٥/١٠/٢٤ز]ـ[١٣١٤/٨/٢هـ]

یەکەم گۆڤاری کوردییە کە لە شاری هەولێر دەرچووبێ. بەڕێوەبەر و بەرپرسی گۆڤارەکە شێت مستەفا عومەر چەڵەبی و سەرنووسەرەکەی حوسێن حوزنی بوو. سەرجەم ١١ ژمارەی لێ دەرچووە، دوایین ژمارەی کەوتە ١٦/٥/ ١٩٣٦.

### یەکەم ژمارەی گۆڤاری زاری کرمانجی:
[١٩٢٦/٥/٢٥ز]ـ[١٣٠٥/٣/٤هـ]

لە ڕەواندز، بە هەوڵی حوسێن حوزنی، سەرجەم ٢٤ ژمارەی لێ دەرچوو، دوایین ژمارەی کەوتە ١٩٣٢/٧/٢٣، بەرامبەری ١٣١١/٥/١ ی هەتاوی.

### یەکەم ژمارەی گۆڤاری ئاوات لە مەهاباد:
[١٩٤٥/١٠/٢٣ز]ـ[١٣٢٤/٨/١هـ]

**یەکەم ژمارەی گۆڤاری کوردستان لە مەهاباد:**
**[ ١٩٤٥/١٢/٦ز]-[١٣٢٤/٩/١٥هـ]**

**یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان لە مەهاباد:**
**[١٩٤٦/١/١١ز]-[١٣٢٤/١٠/٢١هـ]**

**یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەلاڵە لە بۆکان:**
**[١٩٤٦/٢/٢٠ز]-[١٣٢٤/١٢/١هـ]**

**یەکەم ژمارەی گۆڤاری هاواری نیشتمان لە مەهاباد:**
**[١٩٤٦/٣/٢١ز]-[١٣٢٥/١/١هـ]**

**یەکەم ژمارەی گۆڤاری رێگا:**
**[١٩٤٨/١٠/٢٣ز]-[١٣٢٧/٨/١هـ]**

بە ناوی «ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانی کورد» لە گوندی سیتەکی باشووری کوردستان، لە ماڵی شێخ لەتیف، لە لایەن عەبدولرەحمان زەبیحی، حەسەن قزڵجی، محەممەدی شاپەسەندی و غەنی بلووریان چاپ کرا و لە ١ی رێبەندانی هەمان ساڵدا لە مەهاباد پەخش کرا. رەحیم سوڵتانیان خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە بوو.

**یەکەم ژمارەی گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد:**
**[١٩٤٦/٤/٢١ز]-[١٣٢٥/٢/١هـ]**

یەکەمین گۆڤاری منداڵانە بە زمانی کوردی، لە مەهاباد و ٣ ژمارەی لێ چاپ بوو.

**یەکەم ژمارەی گۆڤاری پێشکەوتن:**
**[١٩٢٠/٤/٢٩ز]-[١٢٩٩/٢/٩هـ]**

لە لایەن میجرسۆن نوێنەری بەریتانیا، لە سلێمانی

**یەکەم ژمارەی گۆڤاری نیشتمان:**
**[١٩٤٣/٧/...ز]-[١٣٢٢/٤/...هـ]**

«ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ.ك» بە هەوڵی عەبدولرەحمان زەبیحی و هاوبیرانی، سەرجەم ١٠ ژمارەی لێ بڵاو کرایەوە.

**یەکەم ژمارەی گۆڤاری بانگی کورد:**
**[١٩١٤/٢/٨ز]-[١٢٩٢/١١/١٩هـ]**

لە لایەن «جەماڵەددین بابان»ەوە بە کوردی و ترکی لە بەغدا چاپ دەبوو.